

# بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم ئۆپۆزسیۆن کاندیدی دەبێت؟

■ کامەران ئیسحاق پەری

خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی کوردستان کە لەساڵی ١٩٩٢دا ئەنجامدرا، ئەوکات هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم نەبوو بەڵکو هەڵبژاردن بۆ رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان هەبوو کاندیدەکانیش بریتیبوون لەچوار کاندید ( مام جەلال ، د.مەحمود عوسمان ، مەسعود مستەفا بارزانی، عوسمان عەبدولعەزیز )

لەو هەڵبژاردنەدا ئەنجامەکەی بەتەمومژاوی بەڕێکرا هەتاکو ئێستاش ئەنجامێکی دروستی ئەو هەڵبژاردنە بەدەستناکەوێت و سەرکەتوو شکستخواردو لەو هەڵبژاردنەدا رانەگەیەنرا بەڵکو لەجێگەی ئەوەی کە رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان رابگەیێنرێت، رێکەوتنی نێوان ( ینك) و ( پدك) جێی گرتەوە کە بریتیبوو لە شەراکەتی دەسەڵات بەڕێژەی ٥٠٪ بە ٥٠٪ کەدواتر ئەم رێککەوتنە بەڕێککەوتنی فیفتی فیفتی ( پەنجا بەپەنجا) لەناو خەڵکا گوزەری دەکرد. لێرە پێویستە بڵێین کەڕکابەری بۆ رابەرایەتی بزوتنەوەی رزگاری کوردستان لەڕاستیدا لەنیوان مام جەلال و کاك مەسعوددا بوو د.مەحمود عوسمان لەژێر کاریگەری و هاوسۆزی پارتی خۆی کاندیدکردبو بۆ پەرت بوون و کەمکردنەوەی دەنگەکانی تاڵەبانی لەناوچەی باڵادەستی تاڵەبانی ، لەبەرامبەریشدا رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی مامۆستا عوسمان لەژێر ویست و کاریگەری تاڵەبانی تائاستێکیش ئێران خۆی کاندیدکردبوو بۆ پەرتەوازەبوون و کەمکردنەوەی دەنگەکانی بارزانی لە هەڵەبجەو هەندێك شوێنپێی بەهێزی بزوتنەوە لە بادینان.

خولی رابردووی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ، کە لەساڵی ٢٠٠٩ دا ئەنجامدرا کاندیدەکان بریتی بوون لە (د.کەمال میراودەلی، مەسعود مستەفا بارزانی ، هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد ، حسێن گەرمیانی، سەفین شێخ محەمەد) پێش کۆتایی هەڵبژاردنەکان بارزانی لەپەیوەست بەمەسەلەی رێژەی دەنگی بەچنگ هاتوو هەمیشە دەیگوت ئەگەر بەرێژەیەکی کەم لەسەروو ٥٠٪ پەنجای دەنگەکان بهێنێت ئەوا سەرۆکایەتی هەرێم ناکات . دواتریش ئەنجامەکان بەم شیوەیە راگەێنرا کە بارزانی نزیکەی ٧٠٪ دەنگەکانی بەدەستهێنابوو .

١- مەسعود بارزانی ٦٩,٥٧ ٪
٢- کەمال میراودەلی ٢٥,٣٢٪
٣- حسێن گەرمیانی ٠,٥٩٪
٤- هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمد ٣,٤٩٪
٥- سەفین شێخ محەممەد ١,٤٪

- خاڵی هاوبەش لەنێوان هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢وە ساڵی ٢٠٠٩وە هەڵبژاردنی داهاتوو کەبڕیارە لەئەیلولی ٢٠١٣ ئەنجامبدرێت ئەوە بەدیدەکەین خۆکاندیدکردنی مەسعود بارزانیە بۆ پۆستیڕرابەرایەتی بزوتنەوەی رزگاری کوردستان و پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم.

ئەوەی کە لەخولەکانی ڕرابردوی هەڵبژاردنەکاندا بەدیدەکەین ململانێی ژێر بەژێری یەکێتی و پارتیە بۆ کەمکردنەوەی دەنگی بارزانی و بەپێچەوانەشەوە بۆ کەمکردنەوەی سەنگی یەکێتی لانی کەم یەکێتی بەکاندیدکردنی هەڵۆی ئیبراهیم ئەحمەد نزیکەی ٤٪ی دەنگەکان لەبارزانی کردەوە، لەکاتێکدا کە بارزانی کاندیدی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بوو . ئەتوانم بڵێم بەهەمان نۆرمی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ کار کراوە پێدەچیت بۆ ئەم جارەش سەرباری ئەوەی کە راگەێنراوە بارزانی کاندیدی یەکێتی و پارتیە، یەکێتی لەدواساتدا کاندیدێکی هەبێت !؟ هەبوونی ئەو کاندیدەی یەکێتی مەرج نیە ئەم جارە زیان بەبارزانی بگەێنێت یاخود یەکێتی وەك فشار بەکاری بهێنێت لەسەر بارزانی و منەتباری بکات بەوەی کە کاندیدی بەهێزی نەبووە هێندەی پێدەچیت ئەمجارە سودی پێبگەێنێت لەئەگەری هەبوونی کاندیدێکی بەهێزی ئۆپۆزسیۆن . !؟

خولی رابردوی هەڵبژاردنەکان ئۆپۆزسیۆن بەفەرمی کاندیدێکی ئەوتۆی نەبوو کە رکابەری بارزانی بکات بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی کەهەبوو چەند کاندیدێك بوون لەدەرەوەی ئەجێنداو کارنامەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن خۆ کاندید کردبوو ، ئەوەی کەجێگەی موفاجەئەبوو کە ئەوکاندیدانە سەرباری ئەوەی کە پێشخان و رابوردوویەك و ئامادەیەکی زۆریان لەگۆڕەپانی سیاسی نەبووە ، بەڵام توانیان لەئاست بەدەستهێنانی دەنگ و کەمکردنەوەی رێژەی دەنگەکانی بارزانی ببنە فشارو نموونەیەکی نوێشیان خستە ناو مێژووی سیاسی و هەڵبژاردنەکانی کوردستان . هەر ئەم کاندیدانە و ئەنجامی بەدەستهاتوویان لەهەڵبژاردنەکان وا دەکات ئۆپۆزسیۆن بەچاوێکی ترەوە بڕوانێتە مەسەلەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم !

- لەئەمڕۆدا باس لەهەبوونی کاندید دەکرێت لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە . کەئەمەش هەنگاوێکی نوێ و ئەزمونێکی نوێیە بۆ خۆتاقیکردنەوەی سەنگی ئۆپۆزسیۆن، هەڵگرانی هاوسەنگی و هاوکێشە سیاسیەکان لەناو کوردستاندا . ئەوەی کە لەهەڵبژاردنی ئەم جارەی کوردستان نەگۆڕ بێت خۆ کاندیدکرنەوەی مەسعود بارزانیە بۆ خولێکی تری سەرۆکایەتی . لەبەرامبەریشدا لەهەڵوێستی گۆڕدراوی ئۆپوزسیۆن هەبوونی کاندید بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم بەدیدەکەین.

پێدەچیت ئۆپۆزسیۆن دواجار لەسەر کاندیدکردنی کەسایەتیەکی ئیسلامی رێکبکەوێت کەڕکابەری مەسعود بارزانی بکات باشترین کاندیدیش کە ئۆپۆزسیۆن بیری بۆبچێت کەسایەتیەك دەبێت لەیەکگرتووی ئیسلامیەوە هاتبێت . بەبروای من سەلاحەدین بەهادین. یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە زۆرترین چانسی ئەوەی هەیە کە ببێتە کاندیدی ئۆپۆزسیۆن بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم . بەکاندیدکردنی کاریزمایەك لەناو ریزی ئیسلامی هێزەکانی کوردستان ، دەبێتە فشارێکی گەورە لەسەر کەمکردنەوەی دەنگەکانی بارزانی و ئەگەر بەشەفافیەت پرۆسەکە بەڕێوەبچێت، ئەگەر دەنگی جەماوەری لایەنەکانی تری ئۆپۆزسیۆن و بەتایبەت گۆڕان بۆ ئەو کاندیدە بڕوات، ئەگەر ( ینك ) کاندیدی بەهێز لەناوچەی هەولێر دروستنەکات، کەلەیەککاتدا رکابەری ئۆپۆزسیۆن و بارزانی پێبکات ) ئەگەر هێزە دەرەکی و ناوخۆییەکان کۆدەنگ بن لەسەر تاقیکردنەوەی حوکمڕانی ئیسلامی لەهەرێمی کوردستان بەدوری نەزانین کەسەرۆکی داهاتووی هەرێم لەهێزێکی ئیسلامیەوە بێت .

- خۆ ئەگەر کار بەئەنجامی راپرسیەکانی ئەم دواییانەی هەندێك لەمیدیا سێبەرەکانی دەسەڵاتیش بکرێت ، ئەوە بەدیدەکەین کەنەخێرەکان بۆ بارزانی لەهەڵکشاندایە، کەئەمەش بۆ خۆی پێوەرێکی ترە بۆ هاندانی ئۆپۆزسیۆن لە راگەیاندنی ئەوەی کەکاندیدی دەبێت بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم .



# گوێمان لە نەڕەی شێرەکەی دهۆک نەبوو

■ موئەیەد مەحمود(کاردۆ)

پرسیارێك زۆرجار بەرۆکمان دەگرێت، بەڵام ئەوەندەی عەودالی وەڵامەکەین لەسەدا یەکی ئەوە خۆمان بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکەی تەرخان نەکردووە. کۆمەڵگای ئەکتیف و تەندروست ئەو کۆمەڵگایەیە کە لەهەولی لێکدانەوەو راڤەکردن و قووڵبوونەوەیە لەخاڵە لاواز و گەشاوەکانی خۆی، هەر کۆمەڵگایەك نەتوانێت خۆی بخوێنێتەوەو لەخۆی تێبگات ، ناتوانێت تەپوتۆزی دواکەوتوویی لەخۆی بتەکێنێت. کۆمەڵگای تەندروست هەمیشە بەشوێن پەیداکردنی وەڵامە بۆ گرێ و گرفتەکانی، هەمیشە لەسەر ئەو رستانەدا رادەوەستێت کە لە دوو توێیدا وەڵامی گەورە خۆی مەڵاس داوە. یەکێك لەگەورەترین گرفتەکانی ئەم کۆمەڵگایەی ئێمەش بازدانە بەسەر کۆی ئەو رووداوانەی کە دەکرێت بەر لەخاڵ دانان لەبەردەم رستەکانیاندا، وانەی گەورەیان لێ ئەنجامبهێنین. من دەزانم حزبەکانی دەسەڵات بەشوێن ئەوەوە نین ئەم کۆمەڵگایە لەخاڵێکەوە بگوازنەوە بۆ خاڵێکی گەشاوەترو لەحاڵەتێکەوە بازی پێ بدەن بۆ حاڵەتێکی تەندروست تر ، دەزانم گەورەترین دەستکەوت بۆ ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە هەموو پرسیارەکان لە زیهنی تاکی ئەم کۆمەڵگایە بسڕێتەوە ، بێگومان ئەو پرسیارانەی کەدەکرێت تەکانێك بەو بڕە مەعریفەیە بدات کە لەهەگبەی هەر یەکێکیاندایە، بۆیە هەر بۆ خۆی سپاردنی ئەرکی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەدەسەڵات خەمێکی گەورەو هەڵەیەکی جەرگبڕە.

گەورەترین دەستکەوت بۆ هەر کۆمەڵگایەك کە بیەوێت خۆی بناسێت و خۆی پێناسە بکات و خۆی ئارایش بداتەوە، تێگەیشتنە لەمێژووی خۆی. چی لەوە گرنگترە بزانیت تۆ چی بوویتەو لەکوێی مێژوودا بوویتەو چۆن گەیشتوویتەتە ئەم خاڵە. ئەگەرچی بەتەنها خوێندنەوەو تێگەیشتن لە مێژوو ناتوانێت گۆڕانکاری بهێنێت، بەڵکو سوودو پەندوەرگرتن لەو مێژووە، بەڵام دیسانەوە ئەو زانین و تێگەیشتنە لەمێژوو پێشمەرجی بەدیهێنانی گۆڕانکاری و چاکسازیە لەبونیاتی هەر کۆمەڵگایەك.

پرسیارەکەم لەیاد نەچۆتەوە، ئێمە هەمیشە دەپرسین (بۆچی کۆمەڵگایەکی نائەکتیف و سادەو ساوامان هەیە). وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زۆر ورد هەیە، لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەم کۆمەڵگایەو ئەو میکانیزمەی کە لەهەموو بوارەکاندا ئیشی پێکردووە، ئەمەش ئەرکی کەسە سادەکان نیە، بەڵکو مێژوونووس و دەروونناس و کۆمەڵناس و شارەزایانی بوارەکانی تر، بەڵام تاکی سادە دەتوانێت پرسیار بکات ، پرسیارکردنیش پێشمەرجی بەدەستهێنانی مەعریفەیە. دیارە مەعریفەش هەوێنی گەیشتنە بەوشیاری.. پرسیار کردن خوو نیە، بەڵکو حەزێکە دەکەوێتە سەرەتای پرۆسەیەك کە بەوشیاری کۆتایی دێت. بێگومان ئەو حەزەش بۆ خۆی بڕێك وشیاری دەوێت ، بەڵام ئەوەی کە لەتاکی ئێمەدا بەدی ناکرێت ئەو بڕە وشیاریەیە کە پرسیارکردن دەیخوازێت.

لەمانگی ئازاردا لەدهۆك پەیکەری شێرێك دۆزرایەوە کە کێشەکەی نزیك بە تەنێك و بەرزیەکەشی لە دوومەتر زیاتر بوو ، رەنگە بۆ زۆرێك لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە ئەم هەواڵە سەرپێیانە تێپەڕیبێت هەروەکو ئەو هەواڵانەی کە لەسایت و رۆژنامەکاندا دەیان خوێنینەوەو بۆ سبەینێ هەواڵی تر جێیان دەگرێتەوە و لە خانەکانی مێشکماندا دەیان سڕێتەوە، بەڵام بۆ من ئەم هەواڵە هەروا سادە نەبوو . ئەو پەیکەرە بۆ من وەکو ئەو پەیکەرانە نیە کە لە پارکەکاندا دەیانبینین، بەڵکو ئەم پەیکەرە لەچەند گۆشەیەکەوە هەڵگری مانای زۆر گەورەو کەرەستەی دۆزینەوەی زۆر گەورەترو رەنگە دەستپێکێکیش بێت بۆ کردنەوەی دەرگایەك لەسەر مێژووی نەتەوەیەك. ئەو پەیکەرە بەو کێشەی کەهەیەتی هەروا بەئاسانی لەشوێنێك جێگیر نابێت، بەڵکو دەبێت مرۆڤ ئەو پەیکەرەی لەو شوێنەدا دانابێت، پەیکەرێکی لەو جۆرەش کە بەدڵنیاییەوە لەو سەردەمەدا بەهایەکی زۆری هەبووە بەتایبەتی لەڕووی هونەریەوە، دەبێت لەشوێنێك بووبێت کەشوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکانێکی زۆر بووە، لێرەوە دەتوانین بڵێین لەو شوێنەدا شارستانی هەبووە،جا ئەم شارستانیە لە چ ئاست و پلەیەکدا بووە ،ئەوە ئەو دۆزینەوانە دەری دەخەن کە لە ئاکامی گەڕانێکی چر و پڕ بەو کەرەستانەی کە ئەمڕۆ لە بواری شوێنەوارناسیدا بەکار دەهێنرێن.

بەرزایی ئەو پەیکەرە پرسیارێکی تر دروست دەکات ،ئەویش ئەوەیە پەیکەرێك بەو بەرزاییە ژێر زەوی کەوتبێت و لەچاو ون بووبێت ، ئەبێت چیتر لەدەوروبەریدا ژێرزەوی کەوتبێت کێ دەڵێت شارێك ، شارۆچکەیەك یان هەر جۆرێکی تر لەئاوەدانی لەگەڵ ئەودا ون نەبوونەو ئێستا لەچاوەڕوانی ئەوەدانین کەدەستی ئێمەیان پێبگات و بیاندۆزینەوە.دۆزینەوەی ئاوەدانیەکیش بەمانای دۆزینەوەی هەموو ئەو ئامێرو کەرستانە دێت کە مرۆڤی ئەو سەردەمە لەو شوێنەدا بەکاریانهێناوە، کە ئەمەخۆی لەخۆیدا دەکاتە زانینی سروشتی ژیانی ئەو خەڵکەی کە لەوێدا ژیاون.

لەڕووی هونەریەوە ئەو پەیکەرە بەهایەکی گەورەی هەیە، گومان لەوەدا نیە کە کەسێکی سادە دروستی نەکردووە، بەڵکو کەسێکی لێزان و بەسەلیقە، کاتێك بوونی کەسێکی وا ئامادەیە، دئەبێت ئەو پێشمەرجانەش ئامادەبووبن کە کەسێکی وا بەرهەم دێنێت، ئەقڵێك کە لە پشتی دروستکردنی ئەو پەیکەرەوەیە ، رەنگە ئاماژە بێت بۆ وجودی ئەقڵی تر کە توانای داهێنانیان هەبووە لە بوارەکانی تردا.

من نازانم لە پاش دۆزینەوەی ئەو پەیکەرەوە چ هەنگاوێك نراوە ، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە لە میدیاکانەوە خەبەرێك نیە دەلیلی هیچ جۆرە هەنگاوێکی شایستە بێت بەو دۆزینەوەیە، ئەمەش نەك هەر رۆڵی میدیاکاران دەخاتە ژێر پرسیارەوە ، بەڵکو ئەو گومانەش دروستدەکات کە هەنگاوی پێویست لەو بارەیەوە نرابێت. من پێم وابوو هەواڵی ئەو دۆزینەوەیە، دەبێتە بابەتێکی گەرموگوڕی میدیاو بۆ ماوەیەکی باشیش رۆشنبیرەکان بەخۆیەوە خەریك دەکات، بەڵام لەوە دەچێت رۆشنبیرەکانی ئێمە کە زۆرجار خۆیان بەبابەتی زۆر بێنرختر لەمە خەریك دەکەن ، نەزانن شوێنەوارناسی رەگەزێکی سەرەکیە لەبواری کۆمەڵناسیدا. رۆژانە کەمپینگ بۆ پرسی جۆراوجۆر بەڕێدەخرێت و کۆمەڵێك ئیمزا دەخرێتە سەر کاغەزو دواتر کەمپینێگی تر ئەوەی پێش خۆی دەسڕێتەوەو یەکێکی تریش ئەم و یاریەکەش هەر بەردەوامە، نازانم چەند کەمپینگ بۆ گەڕان و دۆزینەوەی رووخسارو هەڵسوکەوت و بیرو کردارو شێوازی ژیانی باوو باپیرانمان کە لەدەوری ئەو شێرەدا ژیاون بەڕێدەخرێت؟

بەداخەوە ئەو شێرە بەردینە هەروەکو بەردێك مامەڵەی لەگەڵدا کرا، بەردێك رێك وەکو ئەو بەردانەی کە لە سەیرانگاکاندا وێنەیان لەپاڵ دەگرین.

هاوڵاتی

خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر
تاریق فاتیح
tariq@hawlati.co
sarnwsar@hawlati.co

بەڕێوەبەری نووسین
شۆڕش خالید

بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی ودارایی
کاژاو جەمال

سلێمانی: دوو ریانی سەرچنار
نهۆمی سێیەمی چێشتخانەی شکار
تەلەفۆن: ٣١٨٦٧٧٦ - ٣١٨١٠٠٩

هەولێر: شەقامی ٦٠ مەتری
تەنیشت سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
تەلەفۆن: ٠٧٥٠٤٧٠٣٩١٩